# ساتێ بۆ مەستی ئەسپەکان

## چەند پارچە شیعریکیو فارسی وەگێڕراو

ن : حافز موسەوی
و :مەریوان هەڵە بجەیی

### ڕێگاکەیان نیشانبدەن!

ئەم منداڵانەی کەدەستەکانیان سەهۆڵەو ڕومەتیان ئاگر
هەر ئەمڕۆ، لەکوێستانە دوورەکانەوە هاتون بۆ ئێرە
ڕێگاکەیان نیشانبدەن؟
هاوڕێیان !
زستانە
بیرێکیش لەم هێسترە ماندوانە بکەنەوە.
لەم شارە وێران بووەدا گەورێك دەستناکەوێت؟!
بۆئەم بێزمانانە، ویسکی ،,,,, نا !
توێکلی شوتیشیان بدەنێ، سەرخۆشدەبن
یارمەتیان بدەن
ئەمانە باری شەرمەزاری ئێمە
دەگرن بەکۆڵەوە.

### دونیا بچوکە

دوینا بچوکە
بەپەنجەکانم،
دەستم لەهەموو دیوارەکانی داوە
هەر ئەم چەند پەنجەرەیەیە
کەپەنجەکانی منی دەبردە پێشەوە
گەر وانەبێت ئەم هەموو ساڵە
دەستهێنان بەپەنجەرەیەکدا
کەسەرەتاو کۆتاییەکەی جیاوازی نییە
چ سودێکی هەیە؟!

***

### دەست لەناو دەستی مانگدا

دەست لەناو دەستی مانگدا
لەقەراخ گۆمەکەدا پیاسە دەکەین
مانگ تەڕە
تۆ دەلەرزیت
بارانەکەم دەخەمە سەرشانی مانگ
گۆمەکە تاریك دەبێت
تۆ لەکوێیت؟!

***

### ئاش

ئێمەیان بۆ ئەم ئاشە نەهێناوە
کەسەیری ئەو بەردە بکەین کەدەسوڕێتەوە
ئەو بەردەمان نیشاندەدەن کەدەسوڕێتەوە
بۆ ئەوەی لەدەرگایەکی ترەوە
سپیو تێکشکاو
بمانکەنە دەرەوە

***

## پایز

پایز هیچ قسەیەکی تازەی بۆ کردن پێنیە
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا
کەبەمینبەری بڵندی -با-دا سەردەکەوێت
درەختەکان چ زوو دەکەونە گریان!!

***

## ((سکێچی ١))

ئەلیاس عەلەوی
و:مەریوان هەڵەبجەیی
کاتێک پێدەکەنیت
دنیا سارد دەبێت
گەر ددانەکانت نەبوایە
ئاسمان وەرزێکی کەم دەبوو

*　　*　　*

## ((ئاوازی نامۆ))

روناکییە حەسودەکان بەنێو چاوانتەوە پیرنیشانت دەدەن
هەناسەکانت ئاوازێکی نامۆن
جوتیارە ماندوەکان لێیتێدەگەن
ئەو کاتەی کەسەرما لەخەشخاشەکان دەدات
قاچەکانت بۆنی ئەڵغام دەدەن
زارت بۆنی برسێتی
شانەکانت

## ئاوارەیی

عارەقەکەت بسڕەوە
پیاوە زابوڵییەکان ئاڵتون بۆ کچەکەت دەکڕن
کوڕەکەت لەچاڵەکانی "تەل سیاە" [1] دا
تا ئەبەد تێر ئاوە
جگەرەکەت بکێشە
ئەم چایخانە پیسانە "چای سەوز" [2] یان نییە

---

[1] تەل سیاە" گۆڕدوگایەکی پەنابەران.
[2] چای سەوز چاییەکە ئەفغانییەکان زۆر حەزیان لێیەتی و زۆری دەخۆن.